


# ڕامان پێی نایە (٣١) ساڵەی تەمەنییەوە

ئازاد عەبدولواحید

* لە ڕۆژی (١١)ی ئەم مانگەدا، گۆڤاری ڕامان، وەک بە تەمەنترین گۆڤاری کوردی، پێ دەنێتە (٣١) ساڵەی تەمەنییەوە، لەو (٣٠) ساڵەی بەڕێی کردووە، بە شایەدی خوێنەرە جددی و بە ویژدانەکان، کارێکی زۆری کردووە، لە هەموو بوارەکانی شیعر و چیرۆک و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و هزر و فەلسەفە و زمان و مێژوو و شوێنەوار و وەرگێڕان و ڕۆژنامەگەری و خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی کتێب و هونەر بە هەموو لقەکانییەوە، پشتیوانی لە بەهرەدارەکان کردووە و ناسێنراون، بەشی هەرە هەرە زۆری داهێن و توێژەر و نووسەر و وەرگێڕ و هونەرمەندانی کورد، لەو (٣٤٤) ژمارەیەدا بەشدار بوون و نووسینیان بڵاوکردووەتەوە، کەسانێکی زۆریش لە خاوەن ئەزموونە دەوڵەمەندەکان بە هەڤپەیڤین و گفتوگۆی دوورودرێژ و بەرفراوان بەسەر کراونەتەوە.

* ئەمڕۆ زۆر خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین کە دەبینین ڕەنج بە خەسار نەبووین و تەقالا و شەونخوونیمان جێگەی خۆی گرتووە، بەشێکی ئێجگار زۆر لە قەڵەم بەدەست و هونەرمەندان و خوێنەرانی خاوەن دید و تێڕوانینی تایبەتی، لە جوگرافیایەکی پانوبەرین، لە نەوەی جیاواز، پەسنی کارەکانی ئێمە دەدەن، ئەمەش هێز و توانایی و گوڕوتینێکی ئێجگار گەورەی پێ بەخشیوین و بووەتە سەرمایەیەکی مەعنەویی گەورە بۆمان، تا بە پتەوی لەسەر پێی خۆمان بوەستین و بەردەوام بین.

* لەوانەیە بەشێکی زۆری ئەو بایەخ و ڕێز و خۆشەویستییەی بۆ ڕامان هەیە، بۆ پیشەییبوونەکەی بگەڕێتەوە، کە بە میزاج کارمان نەکردووە، ئێمە لە ماوەی ئەو (٣٠) ساڵەی ڕابوردوودا، مامەڵەیەکی زۆر ڕاستگۆیانەمان لەگەڵ نووسین و پیشەی ڕۆژنامەگەری و هەر کەسێک کردووە کە ویستوویەتی مامەڵەمان لەگەڵدا بکا، ئەم شێوەی کارکردنە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر پێشخستنی زمان و کولتووری کوردیدا هەبووە، کاروانێکی گەورەشمان لە لاوانی هەڵکەوتوو بەڕێ خستووە، تا لە ڕێی بڵاوکردنەوە لە ڕامان پتر پەرۆشی زمانی دایک بن و لەگەڵ ئەدەبیات و هونەر و فەلسەفە، دەست و پەنجەیان نەرم بکەن. ڕاستگۆیانە مامەڵەمان لەگەڵ هەموو قەڵەمەکان (بە هەموو جیاوازییەکانەوە) کردووە، هەریەکەیان بە قەدەر قەبارەی خۆی بایەخی پێ دراوە، نە قەبارەی کەسمان لە قەبارەی خۆی گەورەتر کردووە و نە قەبارەی کەسیشمان بچووکتر لە خۆی نیشانداوە.

* تکایە کەس وا تێنەگات ڕێگەکەمان بە گوڵ و فەرشی سوور ڕاخراوە، لەو تەمەنەی (ڕامان)دا زۆرجار تووشی زۆر گرفت و دڕکوداڵ بووین، بەڵام ئێستا کە خەریکی دەرکردنی ژمارەیەکی نوێین و خۆمان بۆ دەرچوونی ژمارە ٣٤٥ ئامادە دەکەین، بە هەمان گەرموگوڕی و عیشق و نەفەسی گەنجانەی پێش (٣٠) کار دەکەین، تا ئەو ڕۆژەی بڕستمان لێ دەبڕێ و پرزەبڕاو دەبین، دەست لەو عیشقە هەڵناگرین و ناپاکی لە ڕێبازەکەمان ناکەین.. پیرۆزە (٣٠) ساڵەی تەمەنی ڕامان.